www.kurdistannet.org
27-10-2006 0:05 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## رونکردنەوەیەک بۆ رای گشتیی و ئەو بەڕێزانەی دەنگیان پێداین

بەڕێزان هەر لە یەکەم ساتی دەسپێکردنی کۆنفرانسی لقی کەرکوکی بنکەی ئەدەبی و روناکبیریی گەلاوێژ، هەندێك پەرچەکردار بە دەکەوتن لە چەند کەسێکەوە، کە ئاماژەنمایەك بوو بۆ ئەوەیدژایەتی ئێمە دەکرێت، چونکە وەکو لە گوفتارو کردارياندا دەرکەوت پێیان خۆش نەبوو کەسانێك ببنە ستافی بنکە کە ئینتیمای حیزبییان نەبی، بۆ ئەم مەبەستەیش لە چەند لایەکەوە کاریان بۆ پالێوراوانیخۆیان دەکرد و تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی لە دەرەوەی هۆڵی هەڵبژاردن لە کۆنفرانسی 12ی شوباتی 2006دا، پەلاماری خەڵکی بدەن، بۆ ترساندن و ریگرتن لەوەی بە ویستی خۆیان کەسانی شیاو هەڵبژێرن.

ئێمەیش کە بەو پەڕی بڕوابوون بە خۆمانەوە چووینە هەڵبژاردنەکەوە، وەکو مافێکی سروشتی ئەندامەتی بنکەی گەلاوێژ، ئەوە بوو توانیمان متمانەی نووسەرانی کەرکوك بەدەست بهێنین و لە کۆی (3) ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی لقی کەرکوکی بنکەکە، ئێمە دوانیان بووین، کەچی پاش ئاشکراکردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکە، لەناو هۆڵەکەوە دژایەتی کردن بەشێوەیەکی نائاکاری دەستی پێکرد لەلایەن کەسانێکەوە کە دوورو نزیك هیچ پەیوەندیەکیان بەکارەکانی بنکەوە نیە، بۆ ئەم مەبەستەیش زۆر ریگەیان گرتەبەر، هەر لەبڵاوکردنەوەی درۆهەواڵێکی زەق لە درۆنامەیەکی هەفتانەدا، گوایە ئیختیلاس رویداوە، تاوەکو هەڕەشەکردن و چاوسوورکردنەوە، پاشانیش بەناچاری و بەپێی راپۆرتی دارایی دەستەی باڵای بنکە، هەر لەهەمان درۆنامەدا وەڵامی درۆکەیان درایەوە، بەبی ئەوەی شەرم دایان بگری، یان داوای لێبوردن بکەن، چونکە ئەو کارانە بەرنامەڕێژیی بۆ کرابوو.

ئێمە لە کاتێکدا روو دەکەینە رای گشتی و رۆشنبیرانی کەرکوك و ئەو بەڕێزانەی دەنگیان پێداین، دەڵێین:

ئێمە ویستمان بە ریتمی کارکردنی جدی و هەناسەیەکی جیاوازەوە لەچوارچێوەی پرۆگرامی بنکەکەدا کار بکەین لە کەرکوکدا، هەر ئەوەیش وای لێکردین خۆمان بپاڵێوین، لەو چەند چالاکییەی کە ئەنجامماندا راستی ئەم قسەیە دەسەلمێنی، وەکو لە سەرەتاوە بەڵێنماندا ئەگەر نەتوانین.. ئاخود ریگریی و دەستێوەردان هەبێت لە کارەکانمان و لەسەر بەخۆییمان کەمکبرێتەوە، ئەوە ئێمە دەست لەکار دەکێشینەوە.

ئەوە ئەمرۆ (جام پڕ بوو)، هەر بۆیە دەمانەوی بۆ هەمووانی روون بکەینەوە کە هۆکاری وازهێنانمان تەنها ئەو ململانێیە بوو کە ریگریی دەکرد لەبەردەوامیمان لەکاری بنکەکەو لە هەموو پرۆژەو چالاکییەك ساردی کردبووینەوە، جگە لەوەیش دروستبوونی مەترسی ئەمنی لەسەر ژیانمان هۆکارێکی سەرەکی بوو، کە ئێمە گەیشتینە دوابڕیارمان، کە ناتوانین لەگەڵ ململانێی حیزبیی و قەڵەمباشەکانی حیزبدا هەڵبکەین، چونکە ئێمە تەنها قەڵەمەکانمان پشتمانە و لەم جەنگەڵی جەهالەتە کەس وەکو خۆمان نامانخوێنێتەوە، ئەوانیش وەکو لای هەمووان ئاشکرایە خەڵکانی باڵادەستی ناو حیزب دەرگایان بۆیان واڵا کردوە، ئەو دەرگایانەی کە ئێمە نامانەوی بۆ بەرژەوەندی تاکەکەسی خۆمان بیکوتین، شوێنی ئێمەیش تەنها بۆ کەسانی حیزبی بەناو رۆشنبیر و نووسەر دەگونجی نەك ئێمە.

هەرچی دەستەی باڵای بنکەی ئەدەبی و روناکبیریی گەلاوێژی سلێمانییە، لێرەوە سوپاسییان دەکەین کە بە نەفەسێکی درێژ و واقیعبینانەوە لەگەڵ کێشەکانی لقی کەرکوکدا مامەڵەیان دەکرد، هەوڵی تەواویان دا بۆ چارەسەرکردن، بەڵام دوابڕیار کە لەلای ئێمە مایەوە، بە داوای لێبوردنمانەوە لەو دەنگانەی ئێمەیان هەڵبژارد.. ئێمە دەستمان لەکارکێشایەوە.

هەر لێرەیشەوە دەمانەوی ئەو راستیە بلێین: کەسانێك کە تەنها بۆ قۆرخکردن و دەستگرتن بەسەر دەزگا بەناو رۆشنبیرییەکاندا وەکو ئەختەبووت خۆیان پارچە پارچە بڵاکردووەتەوە بەناو دەزگاکاندا، جگە لە فریودانی خەڵکی و وەرگرتنی چەند موچەیەکی جیا جیا، هیچ مەرامێکی دیکەیان نیە، دواجار نە لە ئێستاداو نە لە داهاتوودا ئەوانە نابنە نوێنەر و دەمڕاستی نووسەرو رۆشنبیرانی کەرکوك، چونکە هەموو خەڵکی ئێمە دەناسی و ئەوانیش پێویست بە هیچ تەفسیرێی نوی ناکەن، چونکە هەر ئەو کەسانەن کە بەناو ئازادی و ئازادی رادەربڕینەوە خۆڵ دەکەنەوە چاوی خەڵکیەوە، زۆربەیشیان کۆشك و ئۆتۆمبێل و موچە و بودجەکەیان شاهیدە کە ئەوان چەند دڵسۆزی کەرکوك و مەسەلەی نەتەوەیی شارەکەن.

1ـ عومەر سەیدە بەرپرسی بەشی روناکبیری

2ـ ئاوێزان نوری بەرپرسی بەشی دارایی